# عیلمانیەتی مەزهەبی؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

باوەرم وایە ئەبیٚ تاك لە ئایدۆلۆژیا کۆنە ئاینی و مەزهەبیەکانەوە رزگار بکریٚت بەرەوئایدۆلۆژیای سەردەم کە دیموکراسیزم و عەقلانیەت و لیبراڵیەت لە کۆڵەگە پتەوەکانیەتی وە هەر ئەم ریٚبازە نویٚیانە دواجار بۆخۆیان ئەبنە پەرژینی ئاین بە مەرجیٚك وەك خۆی و بەپیٚی میتۆدە زانستیەکەی جیٚ بەجیٚ بکریٚت، هەروەك چۆن ئەگەر ئیسلام وەك دینیٚکی سەماوی و پاك و بیٚگەرد بەپیٚی میتۆدە رۆحانی و زانستییە قورئانیەکە بەجیٚ نەهیٚنریٚت ئەوا ترس و ماڵویٚرانی و کوشتنی لیٚ ئەکەویٚتەوە، بەهەمان شیٚوە هەریەك لەو بەرنامانەی کە رۆژئاوا تیۆریزەی ئەکات بیٚگومان بەدەستی کۆمەڵیٚك جاهیل دواجار ئەبیٚتەوە بە بەرنامەی دژە خەڵك و دژە دین، بەڵام تاچەندیٚك ئەم خەونە خەونیٚکی ساغ و سەلامەتە لە کۆمەڵگا شەرقیەکاندا لەکاتیٚکدا کۆمەڵگاکان بەپیٚی ترادیسیۆن و عورف ئاینی و زاکیرەی ناعەقلانیەت و دەقی نەگۆڕ گۆشکراون، تاك لەم کۆمەڵگایانەدا هەڵکیٚشراون لە تقوسی ئاینی و بگرە لەدایك بووی دۆخی کولتوریانەی دیانەتە کۆنەکانن وەك ئیسلام،جوو، مەسیحی،زەردەشتی و یەزیدی، سابیئی و مەزاهیبەکانی دیکە، تا ئەگات بە مەزهەبی شیعە کە ئەمرۆ وەك دیارترین دینی سیاسی سەربەخۆ تەماشای ئەکریٚت و لە هەریەك لە عیراق و ئیٚران و چەند وولاٚتیٚکی دیکەدا قورساییان هەیە،

بە بروای من عیلمانیەت ئەو فۆبیاو ترسەش نییە کە جیهانی ئیسلامی تەماشای ئەکەن و کردویانەتە جیٚگای رارایی و ترس بەڵکو خودی عیلمانیەت بە دیویٚکدا ئەکتیڤکردنەوەی ئاینە لە دۆخە رۆحانیەکەی خۆیدا وەك ئاین و ریٚورەسمە رۆحانی و عبودیەکان، تەماشاکردنیەتی وەك پەیوەندیەکی رۆحانی بە خوداوەندو دروستکەری کەونەوە، دین بەتایبەتی ئیسلام میکانیزم نییە ئەوەندەی فەلسەفەیەکە بۆ ریٚکخستنی کاروبارەکانی دونیاو ئاخیرەت و بینینی ژیان بە شیٚوەیەکی عبودی و وابەستە بە خواوە، لیٚ عیلمانیەت ئەوەندەی میکانیزمە ئەوەندە فیکر نییە و وە بۆ لە خاچدانی ئەدیان و کوتوبە سەماویەکان نەهاتۆتە بوون نەخیٚر هەرگیز عیلمانیەت نایەویٚت بیٚتە هەڵگری ئەم پیٚناسینەو ئەگەر کەسیٚکیش یان گروپیٚ بیەویٚت لە عیلمانیەتەوە دژایەتی دین بکات ئەوە بە هەڵەدا چووەو دژایەتی خودی پرەنسیپەکانی عیلمانیەتی کردووە، ئەم فۆبیایە لە عیلمانیەت لە راستیدا فۆبیای شۆڤیٚنیەتی عەرەبە لە شوناسی نەتەوایەتی و شۆڤیٚنیەتی عەرەبی نەك ئیسلام و دین، بەڵام ئایا تاچەندیٚ ئیٚمە ئەتوانین عەلمانیەت پەیکەڵ و جیٚبەجیٚ بکەین؟ تا چەندیٚ ئەتوانین وەك رۆژئاوا بیربکەینەوە بە چەمکە هیومانیەکان؟ چونکە کۆمەڵگاکانی وان بە تەواوی وەزیفەی دین و عەلمانیەتیان جیاکردۆتەوەو کۆمەڵگاکانی مەش پڕە لە خورافەو دینگەری و مەزهەبگەری و وەزیفەکانیش بە ئاستەم جیائەکریٚنەوە لە یەکدی وەك نمونەی کۆمەڵگای عیراقی، لەعیراق وولاٚتی دووروبارو میزۆپۆتامیاو سۆمەریەکۆنەکان گروپیٚکی ئیتنی لادینی شك نابریٚت کە بتوانیٚت سکولاریزمانە رەفتار بکات و بەتەواوەتی بەرگی ئاینیانە لەخۆی دابماڵیٚت، ئیدی سەرجەم تیۆری و بانگەشەکاریەکان بۆ عەلمانیەت و دیموکراسیەت و کۆمەڵگای لیبرالیزم جگە لە سیاسەتی بەریٚکردنی قۆناغ چیدیکە نییە، سەرجەمی گروپە ئیتنیەکانی وولاٚتی ئیٚمە ئەوەی کە نوسراوە لە میٚژوودا ئاینداران و تەریقەتخوازان و تەکیەناسان و خەڵکانی ناو مەعبەدو کەنیسەو مزگەوتەکان بوون، ئەگەرچی سەردیٚکی میٚژوویی هەیە کە باس لە پیٚش فتوحاتی ئیسلامی ئەکات گوایە خەڵکانیٚك هەبوون کە بە کافر ناویان دەرکردوەوهەڵگری هیچ بیرو باوەر وتیٚزیٚکی ئاینی نەبوون بۆیە کوژراون ئەمە جگە لە موبەریریٚك بۆ کوشت و کوشتاریان و دەعوەیەکی کویٚرانە هیچی دیکە نەبوە، بۆیە بە فەتوای پیاوە ئاینیەکان قتال و جیهادو غەزایان لە دژکراوەوماڵ و سەروەتیان کراوەتە غەنیمەو بەتاڵان براوە و پاش کوشتنیشیان شویٚنگۆڕەکەیان رەجم و بەردەباران کردون کە بەگۆرە جولەکەوغەیرەدین وزندیق ناویان بردوون و گۆرە سەحابیەکانیش بە سەجەرەو بەرەباب و ساداتی ئەولیاو پیٚغەمبەران داناوەومەزارگەکانیان بە پەرۆی ئاڵ و والاٚ ئاوەدان کردۆتەوە بۆ شویٚنی خورافەومناڵبون و پشت ئیٚشەوشەلەل و خەمۆکیٚ و وەك بڵیٚی خەڵکیٚك نەبیٚت ئیٚستا بپرسیٚت ئەوانە بەتیغ و شمشیٚری (کیٚ) کوژراون؟

تویٚژینەوە لە ( کیٚ ) ی نەناسراوەدەتوانیٚت کۆمەکمان بکات کە ( بکەر) یٚکی ناسراو کەشف بکەین کە هەڵگری شوناسی ئیٚمە نیە؟! ئەبیٚت بەراستی بتوانین لەنهیٚنی ئەو شەهادەت و وەفات و جیهادانە تیٚبگەین کە لە گۆرەپانەکانی ئیٚمەدا کراون و تاوەکو ئەمە نەکەین ناتوانین فەزای مەدەنیانەی عیلمانی چیٚ بکەین، بە مانایەکی سادەتر دەبیٚ ریٚگاکان تەواو ئاشکرا بکریٚت لە نیٚوان هەڵگرانی بیروباوەری لیبرالیزم و عەلمانیەت و ریٚگای بیروباوەری مەزهەبی و دینی بۆ کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و سیٚنترالیزمی ئیسلامی کە ئیٚستا لە عیراقدا کاری بۆ ئەکریٚت، چونکە عیلمانیەت و بنیادنانی کۆمەڵگای مۆدیٚرن پیٚویستی بە کاراکتەری راستەقینەی خۆی هەیە کە دوور بیٚت لە خورافەوترادیسیۆنی ئاینی وەك چۆن دەعوەکردن بۆ رابونی ئیسلامی کەسی داعی و عەلامەو زاناو فوقەهای خۆی ئەویٚت نەك درۆزن و پۆست خۆشەویست و دونیاویست! ئاواش عیلمانیەت کاراکتەری راستینەی خۆی دەویٚت بەڵام نە عیلمانیەت و نە ئیسلامیزم لەم وولاٚتە

**شەرقیانەی وەك خۆماندا نەیانتوانیوە كاراكتەری خۆیان دروست بكەن بۆ شەرعیەت و مانەوە ئەوەندەی لەبری ئەم كاراكتەرانە هاتوون كادری نادامەزراوی سیاسی و رقلەدڵیان بەرهەمهێناوە و یاویانە بە سەروگوێلاكی یەكدیداو دواتریش ناویان ناوە ململانێی ئیسلام و عیلمانیەت، خەڵكێك هەیە دژی عیلمانیەتە بەس بێ بەرنامەو بێ فكرو لەو ئاوەش ئەخواتەوە كە هێزی عیلمانی بەرهەمی دێنێ، یان ناكرێت مرۆڤێكی سەر بەرماڵ بیت و مانیفێستی كرێكاری بخوێنیت و نەشیدی سۆسیالیزم بڵێیتەوەو بانگەشەی عیلمانیەت بكەیت،كە لەم وولاتانەی ئێمەدا هەموو ئەم چەمكانە لە مرۆڤێكدا ئەبینی، پەتای كوشندەی تاكی عیراقی بەكوردیشەوە ئەوەیە تاوەكو ئێستا شوناسی راستەقینەی خۆی نازانێ هێزی ئیسلامی و دینی هەیە لە وولاتی ئێمەدا كە دروشمی دیموكراسیەتی بەرزكردۆتەوەوكەچی هەوڵ بۆ تازەكردنەوەو هێنانەوەی كۆنترین دەسەڵاتی ئاینی ئەدات كە خەلافەتەولەبەرانبەریشدا هێزەعیلمانیەكان ئیزافەیەكیان نییە جگە لە موجامەلەكردن و قەڵەوكردنی هێزە تەقلیدیەكان نەبێت، كە ئەم خود نەدۆزینەوەیە وا ئەكات تاك نەزانێت بۆ كام سیستمی حوكمرانی هەوڵ بدات و دەستور دارێژێت، نازانرێت ئایا لە عیراقدا مەزهەب و عیلمانیەت لە شەردان؟ چونكە ئێستا هەم مەزهەب ئیشی عیلمانیەت و هەم عیلمانیەتیش ئیشی مەزهەب ئەكات و كەس نازانێ ئەم دوو رەوتە كامیان كاری خۆیان ئەكەن و بگرە ململانێ لە عیراقدا كورت بۆتەوە لە سوننەوشیعەداو ئەو برەكەمە كوردیشی تێدانەماوە، كەواتە مەترسیەكی گەورەیە نەزانین داهاتووی نزیك كێ حاكمی عیراق دەبێت؟**

**وە ئەگەر ئەمرۆ هێزێكی پێشرەوی دیموكراسی هەبێت بەعەقڵیەتی ئۆپۆزسیۆنگەراوە بیەوێت بەرەیەك یان جوڵەیەكی عەلمانی دروست بكات لەشێوەی گۆرانكاری رادیكاڵیدا ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەبێت یەكەم كار  توێژینەوەی مەیدانی وئەكادیمی بكات تا رەوت و گروپەكان جیابكاتەوە لە یەكتری و خەڵك بزانرێ بەراست كێ عیلمانیەو كێش مەزهەبی و دینی؟ دووەم ئەو دیوارە كۆنانە ببرێت و بچێتە ژورو دودەرو تاقە كۆنەكان و لە سەری سەرەوە بۆ خوارەوە ئەم گۆرانە بكات و زۆر بە هۆشیاریشەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەكەدا بكات نەبا پەتی عەسەبیەتی هەندێ جوڵانەوەی ئاینی بخرۆشێنێ و بەشتێكی سەیرو سەمەرە ناوی بەرن، بێگومان ئەمەش ئەوەندە قورسە پێویستی بە زەمینەی دیموكراسی و كەسایەتی مۆدرێن و عەقلانی ئەبێت. دواجار هەوڵدان بۆ عەلمەنەكردن بەبێ تێگەشتنێكی هۆشیارانەی كەسە ئاینداروئاینخوازەكان هەرگیز چێ نابێت،بەتایبەتی ئێستا كەم نین ئەو شەرانەی كە رۆژانە روودەدەن لەنێوان گروپ و مەزهەبە ئاینیەكاندا لە عیراق كەپلانی كوشتن و سەربرینەكانی تەئریخی ئیسلام و تیرۆركردنی خەلیفەكانی راشیدین بیر ئەخاتەوە بە ململانێ خوێناویەكانی خەواریج و موعتەزیلەوئەحمەدی و شەری یەزیدو موعاویە لەگەڵ حەسەن و حسێن و دونیایەك جەنگی گەورە گەورەی دیكە.**